بۆکان لە مێژوودا (٥٦)　　　　ئەنوەر سوڵتانی

## شیعری "گەنجالی بەگ"

ئەم پارچە شیعرە هی گەنجالی بەگی فەیزوڵلابەگییە و مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم لە گۆڤاری بەیان، ژمارە ١١٧، مانگی ئادار [مارچ]ی ١٩٨٦ (لاپەڕەی ٧٠ و ٧١)دا بڵاوی کردۆتەوە. لە سەرەتای کورتی مامۆستا دا هاتووە:

حەسەن فەهمی بەگی کوڕەزای مەحموود پاشای جاف لە کەشکۆڵی مەحموود پاشا دا ئەم شیعرەی زیاد کردوە و نووسیویەتی "یەکێک لە بەگزادەی فەیزوڵلابەگی کە ناوی "گەنج عەلی خان"ە لە ساڵی ١٩٤٣ دا (تصادفا) ڕێی کەوتە ماڵی ئێمە لە هەڵەبجە و موددەتی ١٥ ڕۆژ لە ماڵی ئێمە مایەوە. پاش ئەوەی گەڕایەوە بۆ لای خۆیان، موکریان، ئەم غەزەلەی بۆ ناردبووم. ئەم گەنجەلی خانە کوڕی حاجی سەلیم خانی موکریانە و ماڵیان لە دێی

"جان بولاق"ە."

هۆی هێنانی شیعرەکە لێرەدا ئەوەیە بەرهەمی ئەندامێکی بنەماڵەی فەیزوڵلابەگی ناوچەی سەقز و بۆکانە، کە کەسایەتییەکەی ناودار و بە دەسەڵاتی ناوچەکە بووە و ئەگەر شیعری دیکەشی هەبن ئەم پارچە شیعرەش دەبێ بدرێتە دەم ئەوانیتر، خۆ ئەگەر شوێنەواری ئەدەبیشی لێ بەجێ نەمابێت ئە رکی کەسانی وەک مامۆستا حەسە نی سەلاحە شوێنی ئاسەوارەکانی هەڵبگرن.

هۆیەکی دیکەش ئەوەیە نیشاندەری پەیوەندی ناوچەی بۆکان لەگەڵ هەڵەبجە و باشووری کوردستانە. گەنجعەلی بەگ کوڕی حاجی سەلیم خان، کوڕی فەیزوڵلابەگ کوڕی عەبدولڕحمان بەگ بووە.

عینوانی شیعرەکە لە گۆڤاری بەیاندا "ئەی نەسیمی سوبحدەم"ە و ئەوەش دەقەکەیەتی :

ئەی نەسیمی سوبحدەم، ئەی شارەزای دەشت و دەرە

وەی بەقوربانی شنەت بم، هەستە، زوو بەو، وا وەرە

زۆر دەمێکە ئارەزووم وایە بنێرم قاسدێک

بۆ حوزووری خۆشەویستم، بۆ سەرم تاجی سەرە

کاغەزێکت بۆ دەنووسم زۆر بە شەوق و ئاب و تاب

ئەیدەمە دەستت، بەڵام توخوا زەریفی هەڵگرە

وەقتی زۆر خۆشە، بەهار نیوەی چووە، سەرما نییە
دەشت و کێو و شاخ و لاپاڵان وەکوو رووی مەخمەرە
ئاوی بەفری شاخی کوێستان دێنە خوارێ شیو بە شیو
زۆنگ و کانی هەڵقوڵیون، ئاو لە ئاو شیرینترە
گەرچی رێگای شارەزای، با منیش وەبیرت بێنمەوە
رێی نزیک و راست لە کوێ بۆ کوێ ئەچێ، یادی گرە
لێرەوە ئەچیە مەحاڵی "میرەدێ" تا "کێلە شین"
دێ لەسەر دێ چیمەن و سەوزی و گوڵاڵە و شەست پەڕە
دەچیە "بانە"، بەندە ن و کێوی سەراسەر جەنگەڵە
گوێزە، هەنجیرە، هەنارە، بووز و پەڵک و عەرعەرە
ئەم بەر و ئەوبەر خیابانی چنار و سەر و کاج
ئەم سەر و ئەوسەر هەمووی فەرشی سمنت و مەڕمەڕە
شارەکەی شارێکە زۆر ئاو و هەوای ساف و لەتیف
ساختمان و پارک و بازاری قەشەنگ و دڵبەرە
گەر وەدەرکەوتی لەوێ، جێگەی شەوت "سەیران بەن"ە
چۆم و بوستانی بەبەردا دێت و شیرین مەنزەرە
گەر لە چۆمت دا، ئەڕۆی تا دەچیە شاری "پێنجوین"
شار وەکوو فیردەوسە، ئاوی سەلسەبیل و کەوسەرە
هیچ لەوێ تەئخیر مەبە ئەمجار بڕۆ بۆ "شارەزوور"
میسری کوردستان، جێگەی عێل و خێڵ و چادرە
مەرکز و پێتەختی دەشتی شارەزوور لەم دەورەدا
پێت بڵێم شاری "هەڵەبجە"ی پێ دەڵێن و دڵگرە
نیشتمانی میر و پاشای عێلی جافانە قەدیم
خەیمەگاهی گەورەیی کوردانە، جێی ئەسکەندەرە
دەچیە بەر دەرکی "حەسەن بەگ" میر و گەورەی گەورەکان

دەرکی دەروازەی وەکوو پێش دەرکی قەسری قەیسەرە
دەستەیی بەگزادە سەفیان بەستووە بڕنەو بەدەست
دەستەیی نۆکەر هەموو دەستیان لەسەر گۆی خەنجەرە
دەستەیی فەڕڕاش لەبەر دەرگا "عموما" حازرن
عەترپاشی لێ ئەکەن، بۆن خۆش ئەکەن بەر پەنجەرە
با تەمیز و پاک و خاوێن بچنە خزمەت سەروەرم
گەر گەیشتیە حەوزی بەر دەروازە دەسنوێژ هەڵگرە
دەرکەوان دانیشتووە دائیم لەسەر خواجەنشین
بۆ پەزیرایی لە میهمان و غەریب زۆر حازرە
پاش ئەوە ئیزنت ئەدەن داخڵ کە بوویتە نێو حەسار
شەم ئەکەیت بۆنی گوڵە، عەتر و عەبیر و عەنبەرە
پەردەدار ئیزنت ئەدا تا ئەچیە نێو میهمان سەرا
تەخت و کورسی و ئەسکەمیرە، پڕ لە ئاغا و بەگلەرە
لای سەرووی هەموان "حەسەن بەگ " سەروەر و سەرداری کورد
زۆر بە تەمکین و ئەدەب دانیشتووە ئەو سەروەرە
ئەهلی فەزل و عیلم و ئاداب و ئەدیب و زۆر فەسیح
خۆشەچینی "مەحن" و "سەحبان"، "فەزڵ" و "مانی" و "جەعفەر"ە
ئەم عەریزەت پێ یە، بیدە خزمەتی، بکشێوە پاش
دەس لەسەر دەس، لێو لەسەر لێو، چاو لەسەر پێ ڕاگرە
عەرزی ئیخلاس و سەلامی خالیسانەی لێ ئەکەم
تا کوو دنیا ماوە من هەر بەندەم و ئەو سەروەرە
زۆر لە ئەو ڕۆژەی کە هاتوومە حوزووری ئەنوەری
سەد بەرابەر ئەوڕۆ ئیخلاس و سەمیمیم زۆرترە
ئەو تەواریخەی کە فەرمووت، داخی داخانم نەبوون
وەرنە ئەمری تۆ موتاعە، جێی لەسەر چاو و سەرە

حەولی زۆرم دا لە "سابڵاغ" و لە "تەورێز" یش نەبوون

هەم لە "تاران" یش نەبوو، نوسخەی ئەڵێن زۆر نادرە

بۆ هەموو بەگزادەکانی موحتەرەم تەقدیم ئەکەم

بەندەگی و عەرزی ئیرادەت لێرەوە تا لۆندەرە!